# ڕەهەندەکانی کارامەیی نووسین لە پڕۆسەی ڕاگەیاندندا

پ.ی.د. ئازاد ڕەمەزان عەلی[1] پ.ی.د. ئازاد ئەحمەد مەحموود[2]

1بەشی تەکنیکی میدیا، کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی هەولێر ، زانکۆی پۆلیتکنیکی هەولێر، کوردستان، عێراق

[2]بەشی کارگێری کار، کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی هەولێر ، زانکۆی پۆلیتکنیکی هەولێر، کوردستان، عێراق

**پووختە**

لە توێژینەوەی : ) ڕەهەندەکانی کارامەیی نووسین لە پرۆسەی ڕاگەیاندندا (، بە کورتی باس لە مێژووی سەرهەڵدانی نووسین و قۆناغەکان و جۆر و چەمك و پێناسەی نووسین کراوە. پاشان لە کارامەیی نووسیندا، چەمك و پێناسەی کارامەیی، لایەنەکان و ناوەرۆکی کارامەیی نووسین خراونەتەڕوو، دواتر تایبەتمەندی، جۆر، گرینگی و ئامانجەکانی نووسین باسکراوە. هەر لەم توێژینەوەیەدا چەمك و پێناسەی نموونە ) مۆدێل ( ی نووسین هاتۆتە بەرباس و لێکۆلینەوە، نووسین لە پرۆسەی ڕاگەیاندندا پەنجەی بۆ درێژ کراوە، تایبەتمەندی و فاکتەرەکانی نووسینی کاریگەر لە چەقی توێژینەوەکەدا داندراون و خەسڵەتەکانی ئاماژەیان بۆ کراوە، دواتر توێژینەوەکە هاتۆتە سەر نووسین بۆ: ڕۆژنامە، ڕادیۆ و تەلەفزیۆن، تایبەتمەندی و بنەما و ئامانجی هەریەکەیان باس کراوە و بە وردی خراونەتە بەرباس و هەڵسەنگاندن و بە سەرباسێکی تایبەت باس لە گرینگی نووسەری ئێزگەیی و مەرجەکانی ئەم فۆرمە نووسەرە کراوە، زۆر لایەنی شاراوە بە دیارخراون و گرینگی بوونی ئەم شێوە نووسەرە لێیکۆڵدراوەتەوە. بە کورتی نووسین و پرۆسەی ڕاگەیاندن دوو ئاسۆی بەسوودی یەك پانتایین. مرۆڤ لە ڕوانگەی زمانەوە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی بنیاتناوە، ئەم دوو ئاسۆیەش هەر لە ڕێگای زمانەوە بوونەتە سەرچاوەی داهێنان و گرینگی پێشخستنی لایەکانی ژیان و پاراستنی ماف و بنەما و سەچاوە کۆمەلایەتیی و ڕۆشنبیریی و ئایینی......هتد

**وشە کلیلەکان:** ڕەهەندەکانی، کارامەیی نووسین، پرۆسەی ڕاگەیاندن

## 1. پێشەکی

نووسین و ڕاگەیاندن، باشتر: پرۆسەی ڕاگەیاندن، دوو مژار و ناوەندی تێکچڕژاون، بەڵام نووسین وەك ڕەها ڕاگەیاندن سەرپەڕتر دەکات، زمان و ڕایەڵەکانی نووسین سەرچاوەی داهێنان و تەقاندنەوەی کانی ڕاگەیاندنن، لەم ڕوانگە و پێگەیەدا، توێژینەوەی: ( ڕەهەندەکانی کارامەیی نووسین لە پرۆسەی ڕاگەیاندندا )، وەك توێژینەوەیەکی ئەکادیمی هاتە ئاراوە، ، کلاوڕۆژنەئاسا چەندین ئاسۆ و پانتایی ڕوون دەکاتەوە تا لێکۆلینەوەی تر باوەشی پێدا بکەن.

توێژینەوەکە لە پێشەکی و چوارچێوەی توێژینەوە و دوو بەش و پوختە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی پێکدێت، لە کۆتاییدا ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕوو، لە خوارەوە قامکیان بۆ درێژ دەکەین : لە بەشی یەکەمدا، بە کورتی باس لە مێژووی سەرهەڵدانی نووسین کراوە، ئاماژە بە پێوەندی و بە بەرایی بوونی ئاخاوتن و نووسین کراوە، مرۆڤ نووسین دەکاتە بەردی بناغەی پاراستنی ماف و چییەتی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئایینی . دواتر قۆناغەکانی مێژووی سەرهەڵدانی نووسین: ( واتایی و دەنگی ) خراونەتە بەر باس و هەنگاوەکانیشیان پشتگوێ نەخراون، ویڕای ئەمانەیش چەمك و پێناسەی نووسین لە ڕوانگەی سەرچاوەوە ڕوونکراونەتەوە و هەردوو قۆناغەکانی: ( وێنەگرتنی پیتەکان و هزریی ) پەنجەیان بۆ درێژکراوە، ئینجا بە دوور و درێژی ( کارامەیی )، واتا کارامەیی نووسین لێیکۆڵدراوەتەوە، لایەنە پێویستییەکانی کارامەیی نووسین بۆتە چەقی باسکردنی توێژینەوەکە، ئەم بەشە بە خستنەڕوو و ڕاڤەکردنی بابەتەکانی ( تایبەتمەندیی ، جۆر، گرینگی و ئامانجەکانی نووسین )، کۆتایی پێدێت.

لە بەشی دووەمدا، هەوڵدراوە چەمك و پێناسەی نموونە ( مۆدێل ) ی نووسین بکرێتە کرۆکی بابەت و لێیکۆڵدراوەتەوە، چونکە پانتایی نموونە هەوڵێکە بۆ پێشکەشکردنی پێوەندییەکی پەنهان و نادیار، کە پێویستە لە ناو گۆڕدراوەکاندا هەبێت، کە ڕووداوێك یان دیاردەیەك لەشێوە و فۆرمی هێمایەکدا دروست دەکەن، زۆر شێوە لە خۆدەگرێت و شێوەکان دەستنیشان کراون و لێیان کۆڵدراوەتەوە، هەر لەم بەشەدا نموونەی ( کلارك و ئیڤانك )، فەرامۆش نەکراوە و بە گرینگی خراوەتە بەرباس.

هەر لەم بەشەدا، نووسین لە پرۆسەی ڕاگەیاندندا، بەها و نرخی ئەم مژارە بە دلکاری لێیکۆڵدراوەتەوە و زۆربەی قوژبنەکانی بە تیشکی توێژینەوە پەردەیان لەسەر هەڵدراوەتەوە، بە شێوەیەکی گشتی ئاراستەکانی نووسین لەسەر دوو ڕەهەند : ( گوتەیی ــ لفظی و ناوەڕۆك ــ واتایی و مەعریفی )، بنیاتنراون و زەقکراونەتەوە و شیکاری بیر و بۆچوونیان پێشکەش کراون .

نووسین لە چەقی بازنەی پرۆسەی ڕاگەیاندندا کارێکی ئامانجدارە، بۆیە نووسەر

مجلّة پۆلیتکنیك للعلوم الإنسانیة والإجتماعیة
المجلد 1، العدد 2 (2020)
أُستلم البحث في 26 ینایر 2020؛ قُبل في 12 آذار 2020
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 18 کانون الاول 2020

البرید الإلکتروني للمؤلف: azad.ramazan@epu.edu.iq

حقوق الطبع والنشر © 2020 ئازاد، ئازاد. هذه مقالة الوصول الیها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبیة - CC BY-NC-ND 4.0

پێویستی بە نووسینێکی هەڵگری بارگەی کاریگەر دەبێت، لەم بەشەدا پلان بۆ ئەم جۆرە نووسینە کاریگەرە فەرامۆش نەکراوە و تایبەتمەندی و هۆکارەکانی نیشاندراون .
هەر لە ناوەرۆکی ئەم بەشەدا، بایەخ و تایبەتمەندیی و بنەمای هەر یەك لە : نووسین بۆ ڕۆژنامە ( ڕۆژنامەنووسی )، ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن، باسکراون و هونەرایەتی و داهێنان و خەسڵەتی ئەم جۆرە نووسینانە سەرپەڕ کراون، چۆنیەتی بەکارهێنانی زمان، زاراوە و وشە بە وردی وا دەکات  هەستکردن بە وشە و زاراوەکان لە لای ڕاگەیاندنکار بە هەموو شێوازەکانەوە، گەشە بکات. جگە لەواتای فەرهەنگی و لێکسیکی، پێویستە واتای دروستی هەندێك وشە و زاراوە لەو واتایانە هەڵبهێنجرێن، کە خەڵك دەیدەنە پاڵ ئەو وشە و زاراوانە. هەروەها نابێت ئەوەشمان لە بیر بچێت، کە لە ڕەخنی ئێزگەدا پێویستە نووسەر بە چەند مەرجێك بارگاوی کرابێت، ئەم ئالییەش لێیکۆڵدراوەتەوە لە ناوەرۆکی توێژینەوەکەدا باسکراون .

## 2. چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە

### 2.1 کێشەی توێژینەوەکە :

بۆ جێبەجێکردنی توێژینەوە پێویستە کێشەیەکی دیاریکراو لە ئارادابێت، چونکە لایەنێکی گرینگە لە لایەنەکانی میتۆدی زانستی و سیمایەکی سەرەکی جۆرەکانی سەرجەم توێژینەوەکانیشە. ڕێوشوێن و هەنگاوە زانستییەکان وا دەخوازن، کە ناکرێت بیرۆکەی توێژینەوەی زانستی لە بۆشاییەوە سەرچاوە بگرێت، چونکە ئەنجامەکەشی بێ بنەما دەبێت. لە ژێر ڕۆشنایی ئەم بنەمایە ئەو سیما سەرەکییەی، کە توێژینەوە زانستییەکان جودا دەکەنەوە، بریتین لەوەی کە گرفتێکی دیاریکراو هەبێت و پێویستی بەوە هەبێت یەکێك بە توێژینەوە و شیکاریی لایەنە جۆراوجۆرەکانی بەرەنگاری بێتەوە . ئەم توێژینەوەیە لە کێشەکانی : ( ڕەهەندەکانی کارامەیی نووسین لە پرۆسەی ڕاگەیاندندا ) ،دەکۆڵێتەوە و هەنگاو بۆ چارەسەرکردنیان دەهاوێت .

### 2.2 ئامانجی توێژینەوەکە :

هەر توێژینەوەیەکی زانستی، کە جێبەجێ دەکرێت، مەبەستی دەستەبەرکردنی چەند ئامانجێکە، کە توێژەر لە چوارچێوەی توێژینەوەکەیدا هەوڵی بۆ دەدات، ئامانجەکانی ئەم توێژینەوەیەش بریتین لە :
1- سەرهەڵدانی نووسین و قۆناغەکانی گەشەکردنی لە ناو کۆمەڵی مرۆڤدا چۆن بووە ؟
2- پیشاندانی پێوەندی نێوان کارامەیی لە نووسیندا و ڕەنگدانەوەی لە پرۆسەی ڕاگەیاندندا .
3- نموونە ( مۆدێل ) ەکانی نووسین و دەستنیشانکردنی نزیکترین و باشترین نموونە بۆ پرۆسەی ڕاگەیاندن.

### 2.3 پرسیارەکانی توێژینەوەکە :

بۆ جێبەجێکردنی هەر توێژینەوەیەکی زانستیی، پێویستە توێژەر وەڵامی چەند پرسیارێکی بابەتییانە بداتەوە، ئەویش لە ڕێگای گەڕان و ماندووبوون و هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ڕاستییەکان و دەستەبەرکردنی زانیارییەکاندا دەبێت، ئەو پرسیارانەی تایبەتن بە ڕەهەندی کارامەیی نووسین لە چوارچێوەی کاری ڕاگەیاندندا، ئەمانەن :
1- پێوەندی نێوان زمانی نووسین و ڕاگەیاندن چییە ؟
2- چاکترین نموونە یان مۆدێلی نووسین کامەیە لە پرۆسەی ڕاگەیاندندا ؟
3- ئایا هەریەك لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندن زمانی نووسینی تایبەت بە خۆیان هەیە ؟

### 2.4 گرینگی توێژینەوەکە :

گرینگی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە باسی یەکێك لە کارامەییەکانی زمان دەکات، کە نووسینە و پێوەندی ئەم کارامەییە و ڕۆڵی لە بواری ڕاگەیاندندا چییە، هەروەها چۆن نووسینی کاریگەر لە پرۆسەی ڕاگەیاندندا دەستەبەر دەبێت و نووسەر چۆن ئەم کارامەییە بە دەستدێنێت ؟ . هەموو ئەمانە دەبنە مایەی سوود بەخشین بۆ ئەو کەسانەی، کە نووسەرن لە بواری ڕاگەیاندندا .

### 2.5 جۆری توێژینەوەکە :

توێژینەوەکە، توێژینەوەیەکی وەسفییە، توێژینەوە وەسفییەکانیش پشت بە کۆکردنەوەی زانیاریی و داتای تەواو دەبەستن لە بارەی بابەتی توێژینەوەکە لە کات و ساتێکی دیاریکراودا، جا بە شێوازی چۆنی  یان چەندی بێت .

### 2.6 میتۆدی توێژینەوەکە :

میتۆدی توێژینەوە، ئەو ڕێگایەیە کە توێژەر پێی بە ڕاستییەکان دەگات، یان ئەو ڕێبازەیە کە لە لێکۆڵینەوە و پشکنیندا بەکاردێت. ئەو میتۆدەی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتووە میتۆدی: وەسفییە، بە مەبەستی زانینی ڕەهەندەکانی کارامەیی نووسین لە پرۆسەی ڕاگەیاندندا .

### 2.7 سنووری توێژینەوەکە :

زمان و ڕاگەیاندن پێوەندییەکی پتەویان هەیە. نووسین وەك یەکێك لە کارامەییەکانی زمان، لە پرۆسەی ڕاگەیاندندا ڕۆڵێکی گرینگ دەبینێت، لەم سۆنگەیەدا ڕاگەیاندن بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی پێویستی بە زمانێکی کاریگەر دەبێت .کارامەبوون لە بواری نووسیندا ڕۆڵی خۆی هەیە لە گەیاندن و ڕازیکردنی وەرگر، چوارچێوە و سنووری ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە تیشك خستنە سەر ڕەهەندی کارامە بوون لە نووسیندا و ڕەنگدانەوەی لە پرۆسەی ڕاگەیاندندا .

## 3. بەشی یەکەم

### 3.1 کورتەیەك لە مێژووی سەرهەڵدانی نووسین :

لەگەڵ زۆربوونی ژمارەی مرۆڤ، هەر لە کۆنەوە مرۆڤ دەستی کرد بە دروستکردنی کۆمەڵگا.دروستبوونی کۆمەڵگاش بەبێ بوونی پێوەندیکردن نایەتە دی، بۆ جێبەجێکردنی پرۆسەی پێوەندیکردنیش، مرۆڤ پێویستی بە هۆکارێك

هەبووە تاکو بەهۆیەوە پرۆسەی پێوەندیکردن و تێگەیشتن ئەنجام بدات.ئەمە وایکرد لە ئەنجامدا بتوانێ زمان داپهێنێت. ئاشکرایە، کە زمان لە نێوان مرۆڤدا هۆکاری سەرەکی پێوەندیکردنە. لەگەڵ زۆربوونی ژمارەی کۆمەڵگا، زمانیش شێوە و جۆری جیا جیای لێ دروستبوو، تا وای لێهات هەر کۆمەڵگایەك زمانێکی تایبەت بە خۆی هەبێت. هەروەها لەگەڵ بەرەو پێشچوونی بوارەکانی ژیان لە مەیدانی بازرگانی و کشتوکاڵ و هەتا لە بواری هزر و ئەدەبیشدا، هەموو ئەمانە وایانکرد کە مرۆڤ پێویستی بە هۆکارێك هەبێت بۆ پاراستنی ماف و پاشخانی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و ئاینی....هتد،بە مەبەستی هێشتنەوە و گواستنەوەی بۆ نەوەکانی دوای خۆی، ئەم هۆکارەش نووسین بوو کە توانی دایهێنێت .

لە ئەنجامی بەراوردکردنی ئاخاوتن لەگەڵ نووسیندا ، ئەوە دەردەکەوێت کە ئاخاوتن زۆر لە نووسین کۆنترە . تەمەنی ئاخاوتن ( 400-500 ) هەزار ساڵ کەمتر دەبێت، بەڵام تەمەنی نووسین هەر هەشت بۆ نۆ هەزار ساڵە، واتە مرۆڤ لە سەرەتادا بۆ تێگەیاندنی مەبەستەکانی خۆی تەنیا کەڵکی هەر لە ئاخاوتن وەرگرتووە.( زەهاوی،2006، ل8 )

مێژووی سەرهەڵدانی نووسین پێش ئەوەی بگاتە داهێنانی پیت یان فۆنیم بۆ دەنگەکانی زمان، بە قۆناغی جیا جیادا تێپەڕیوە، بەم شێوەیەی خوارەوە :

1 – قۆناغی واتایی :

"لەم قۆناغەدا، واتا بەهۆی وێنەوە دەگەیەنرا بێ ئەوەی گوێ بدەنە زمان ، بە واتایەکی تر ، وێنەکە ڕاستەوخۆ واتای وەردەگرت بێ ئەوەی بگۆڕدرێت بە دەنگ ( زمان )، ئەم قۆناغەش بە دوو هەنگاوی گەورەدا تێپەڕیوە :

أ – نووسینی وێنەیی :

کۆنترین شێوەی نووسینە و مەرج نییە لە بنەڕەتدا هەروەك هەندێ لە زمانەوانان باوەڕیان وایە بۆ گەیاندنی واتا بووبێت، بەڵکو بۆ دەربڕینی توانای هونەری و هەستی ئاینی بووە" . ( فتاح،2011،ل223 )

"نووسینی وێنەیی پێوەندی بە ئەلف و بێوە نییە، واتە بریتی نییە لە کۆکردنەوەی نیشانەی دیاریکراو ، هەروەها بە فێرکردنی خوێندنەوەشەوە بەند نییە، چونکە مەبەست گەیاندنی واتای پێویستە" .( زەهاوی،2006،ل27 )

جگە لەمەیش ئەم جۆرەی نووسین لەسەر بنەمای وێنەکردنی ئەو شتانە بووە کە لە دەوروبەری مرۆڤدا بوون و پێوەندی نێوان لایەنی واتایی و هەست و سۆزی مرۆڤ زۆر زەحمەتە بە وێنە گوزارشتی لێوە بکرێت، ئەمە وای کرد ئەم ڕێگایە پەرەی پێ بدرێت تاکو بتوانرێت زیاتر گوزارشت لە شتەکان بکرێت . ( www.dr-ganim.com)

ب – نووسینی بیر ( ئیدیۆگرافی ) :

لەم جۆرە نووسینانەدا نیشانەکان واتای ڕاستەوخۆی دیاردەکان نادەن، بەڵکو ئەو بیرە ڕادەگەیەنن، کە لە مێشکی ئادەمیزادا پەیدا دەبێت. (زەهاوی ،2006، ل28 ). واتە وێنەکە تەنیا تاکە بیرێك دەردەبڕێت، یان بۆ یەك شت دەگەڕێتەوە.هەروەها دەبێت ئەوە بزانین کە وێنەکان پێوەندییان بە زمانەوە نییە.(فتاح،2011،ل224 )

ج – نووسینی وشەیی ( مۆرفیمی ) :

لەم جۆرە نووسینەدا نیشانە بۆ هەموو مۆرفیمەکان یان وشەکانی زمان دادەنرێت ، تاکە کەڵکی نووسینی وشەیی لەوەدایە کە جیاوازی نێوان دیالێکتەکانی گرینگی نادرێتێ ، بە واتای ئەوەی کە قسەکەر بەهەر دیالێکتێك بدوێت دەتوانێت لە نووسینەکە بگات، کاتێك شارەزایی لە پێوەندی وێنە و وشەکاندا پەیداکرد.( فتاح،2011،ل225 )

2 – نووسینی دەنگی ( فۆنەتیکی ) :

"لەم قۆناغەدا نیشانەکان ڕاستەوخۆ واتا دەرنابڕن ، بەڵکو دەگۆڕدرێنەوە بۆ دەنگ و دەنگەکان واتایان دەدرێتێ ، ئەمەش لە دوو شێوەی سەرەکیدا دەبیندرێت " :( فتاح،2011،ل225 )

أ – نووسینی بڕگەیی :

لێرەدا ڕەمز یان نیشانەبۆ هەموو بڕگەکانی زمانەکە دادەندرێت، دیسانەوە لەبەر زۆری بڕگەکانی زمان و زۆری وێنەکان ئەم جۆرە نووسینە تەنیا بەکەڵکی زمانێك دێت، کە بڕگەی لەیەکچووی زۆر بێت و دووپات بێتەوە، وەکو زمانی یابانی و نووسینی عەرەبی تاڕادەیەك لەم جۆرەیە .

ب – نووسینی فۆنیمی ( ئەلف بێی ) :

ئەم جۆرە ئێستا لە گێتیدا بڵاوترین جۆری نووسینە، لێرەدا هەموو فۆنیمەکانی زمان نیشانەیان بۆ دادەندرێن، یەکێك لە چاکەکانی ئەوەیە کە ژمارەی نیشانەکانی زۆر کەمترە لە جۆرەکانی تر، لەبەر ئەوە بۆ فێربوون و فێرکردن زۆر ئاسانترە.

## 3.2 چەمك و پێناسەی نووسین :

نووسین بریتییە لەو هەوڵەی کە مرۆڤ بۆ تۆمارکردنی قسە داویەتی، تاوەکو مێژوو و میراتی خۆی لە فەوتان بپارێزێت. نووسین: زمان نییە ، بەڵکو لەگەڵ قسەکردندا دوو شێوەی زمانن . نووسین دووجار دوورکەوتنەوەیە لە ڕاستییە ڕووداوەکان ( واقیع )، چونکە ڕەمزە بۆ ڕەمزی تر ( گوتن ). ( فتاح،2011،ل221 )

نووسین دەستکەوتێکی مەزنی ئادەمیزادە و بەهۆی داهێنانی نووسینەوە مەودای دووری نێوان مرۆڤی سەر زەمین نزیك و کورتکراوەتەوە و بووە بە پرد و شێوازێك بۆ بە یەکگەیشتن و لەیەکگەیشتن و هاوکاری نێوان ئادەمیزاد لە هەرکوێیەکدا بوون و ئەمەش لە ڕێگای گۆڕینەوەی پەیام و نامە و نووسراوەوە بووبێت (زەهاوی،2006، ل1 )

نووسین گوزارشتێکی ڕێکوپێك و پتەوی مرۆڤە لە بارەی بیروبۆچوون و هەست و نەستی، لەم بارەوە ( ئۆریێل ) دەڵێ : ( ئەگەر بێت و خوێندنەوە دەروازەیەکی زانیاری بێت و ئامرازێك بێت لە ئامرازەکانی ڕۆشنبیرکردنی مرۆڤەکان ، کەواتە نووسین بە شاکاری هزری مرۆڤ لە قەڵەم دەدرێت . هەروەها مەزنترین بەرهەمی هۆشی مرۆڤە . بۆیە زانایانی ئەنترۆپۆلۆجی دەڵێن : مێژووی ڕاستەقینەی مرۆڤ ئەوکاتە دەستیپێکرد کە نووسینی داهێنا . (sinau-bahasaarab.blogspot.com)

نووسین پرۆسەیەکی ئاوەز و هزرییە یان هزریی و جووڵەیی ئاڵۆز و سیستماتیکی و مەنتقییە ، کە کارامەیی ورد لەخۆدەگرێت، ئامانجی بەرزکردنەوەی ئاستی هزری نووسەرە لەپێناو گەیشتن بە داهێنانێکی دروستی نووسین لە چوارچێوەی فێربوونی کارامەییەکانی ڕەوانبێژی و نەرم و نیانی و ڕەسەنایەتی و بیری نوێ و هەستکردن بە گیروگرفتەکان و پێشنیازکردنی چارەسەر و جێگرەوە بۆ چارەسەرکردن ، خستنەڕووی بیرورای واقیعی نوێ کە جێگای سەرنج بێت ، توانای گشتاندن و نەرم و نیانی و پێداگری و داهێنان ، کە هەموو ئەمانە بە

هەنگاوی یەك لە دوای یەك جێبەجێ دەبن كە لە قۆناغی پێش نووسیندا دەستپێدەكات ، ئینجا قۆناغی جێبەجێكردنی نووسینی ڕەشنووسی سەرەتایی، پاشان قۆناغی پێداچوونەوە و ڕاستكردنەوە، دواتر قۆناغی نووسین و هەڵسەنگاندنی سەرەتایی ، ئینجا قۆناغی بڵاوكردنەوەو پیشاندانی بەجەماوەر .(www.assawsana.com).

نووسین، كۆمەڵە پرۆسەیەكی هزری و زمانییە، كە نووسەر جێبەجێیان دەكات بۆ بەرهەمهێنانی ژمارەیەك بیرۆكەی پێوەندیدار بە بابەتی نووسین و وەرگێڕانی بۆ یەكەی زمانیی لە شێوەی وشە و ڕستە و دەستەواژە، لەگەڵ ڕەچاوكردنی لایەنی ڕێزمان و فاكتەرەكانی كاریگەری و قایلكردنی ئەو جەماوەرەی كە نووسینەكەی ئاراستە دەكرێت. ( ربابعە،2015،ل8 )

نووسین : نەخشە و نیگار و ڕەسمكردنی شێوە و شكڵێكی دیاریكراو ، یاخود ئەو سیما و هێمایانەیە ، كە مرۆڤ بەكاریان دەهێنێت و واتایەك دەبەخشن .( زەهاوی،2011،ل7 ).

بە شێوەیەكی گشتی نووسین لە دوو كۆڵەكەی سەرەكی پێكدێت :

1 – وێنەگرتنی پیتەكان و دروستی شێوەی گۆكردنیان ، كە ئەمەیان لایەنی كارامەیی جوولەیی لە نووسیندا، یان شێوەكەی پێ دەوترێت .

2 – هزری ، كە بریتییە لە ڕەنگدانەوەی گوزارشتكردن لە بیروڕاكان بە شێوەیەكی ڕوون و سیستماتیك .(http://kenanaonlin.com)

## 3.3 كارامەییەكانی نووسین :

### 3.3.1 چەمك و پێناسەی كارامەیی:

كارامەیی، واتە شارەزابوون و ئاشنا بوون بەشتێك لە هەموو ڕوویەكەوە بە شێوەیەكی زۆرباش و تۆكمە، بۆ نموونە، كاتێك دەگوترێت ئەوكەسە كارامەیە لەزانست یان لە فلانە پیشە، لەو كۆنتێكستەدا كارامەیی ئاكارێكی پرۆگرامسازی و زانستی پێوەندیدارە بەمرۆڤ، كە ئەو كارەی تێدا كارامەیە بە پرۆفشناڵی جێبەجێی دەكات و ڕێك و پێكییەكی زۆری پێوە دیارە. ( عبدالهادی واخرون،2003،ل24) .

كارامەیی دوو لایەنی پێویستە :

1- لایەنی تیۆری كارامەییەكە : واتە ئەو كەسەی كە فێری كارامەییەكی دیاریكراو دەبێت ، پێویستە شارەزاییەكی تەواوی لە سەر بنەما گشتییەكانی چۆنێتی فێربوونی هەبێت .

2- مەشقی پراكتیكی پێوەندیدار بە لایەنی تیۆرییەوە : لێرەدا جەخت لە سەر ئەوە دەكرێتەوە، كە بەستنەوەی لایەنی پراكتیكی بەتیۆرییەوە، كارێكی گرینگە بۆ پێكهێنانی كارامەییەكان، ئەمەش پێویستی بەمەشق و ڕاهێنان و هەڵسەنگاندنی بەردەوام بۆ ئەو كارامەییە هەیە، تاكو دەگاتە پلەیەكی زۆر باشی فێربوون ( هەمان سەرچاوە ل25) .

نووسین یەكێكە لە كارامەییە گرینگەكانی زمان ، وەكو هونەری زمان گرینگییەكەی لە ئاخاوتن و خوێندنەوە كەمتر نییە . بەبێ نووسین كۆمەڵگای مرۆڤ ناتوانێ پارێزگاری لە مانەوەی ڕۆشنبیری و كەلتوور و شارستانییەتی خۆی بكات . بۆیە ئەگەر بێت و زمان لە ژیانی مرۆڤدا دوو ئەركی سەرەكی هەبێت، ئەمانیش پێوەندیكردن و ئاسانكاری بۆ پرۆسەی بیركردنەوە و گوزارشتكردن لە خود بێت، ئەوا نووسینیش بە هەمان شێوە دەتوانێت ئەم دوو ئەركە جێبەجێ بكات، كە بە هەمان شێوە گوزارشتكردن بە ڕێگای نووسینەوە هۆكارێكە لە هۆكارەكانی پێوەندیكردن و هەروەها وەرگێڕدراوی بیر و گوزارشتكردنە لە خود لە هەمان كاتدا . بۆیە بایەخێكی گەورەی لە ژیانی تاك و كۆمەڵدا هەیە. (http://dawnster.blogspot.com)

بە شێوەیەكی گشتی كارامییەكانی نووسین بریتین لە :

1 – ئەو بابەتە زمانییانەی كە مەبەستە بۆ نووسین ، بریتییە لە بەرهەمی هزر و بیر .

2 – كۆنترۆڵكردنی لایەنی زمانیی و ڕێزمان، كە ئەمەیان كارامەییەكی سەرەكییە لە پرۆسەی نووسیندا ، واتە پێویستە نووسەر زۆر بە چاكی شارەزای ڕێزمان بێت، چونكە ئەم لایەنە زۆر پێویستە بۆ داڕشتنێكی دروست و دوور لە هەڵەی زمانی، كە خۆی لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەبینێتەوە :

- كارامەیی لە ڕێكخستنی ڕستەدا .
- بەكارهێنانی وشە و ئاوەڵناوی گونجاو .
- كارامەیی لە بەكارهێنانی ئامرازەكانی بەستنەوە .
- تەواوكردنی بنەماكانی ڕستە لەبەر ڕۆشنایی واتادا .
- دیاریكردنی بیرۆكە سەرەكی و لاوەكییەكان .
- ڕێكخستنی بیرۆكەكان بە شێوەیەكی مەنتقی .
- دەرخستنی خاڵی هێز و لاوازی بابەت و بیرۆكەی زانستی و بابەتیی و باوەڕپێكراوی زانیارییەكان.
- هەڵبژاردنی شێوەی نووسینی گونجاو بۆ بابەت و جەماوەر و ئامانج .
- ڕێنووس ، شارەزایی لە ڕێنووس كارێكی پێویستە ، هەڵەی ڕێنووس دەبێتە هۆی تێنەگەیشتن .
- خاڵبەندی، گرینگە بۆ ڕێكخستنی نووسین لە ڕووی خوێندنەوە و واتا و پێوەندی نێوان ڕستەكان .

### 3.3.2 تایبەتییەكانی نووسین

گرینگترین تایبەتییەكانی نووسین بریتیین لە :

1 – نووسین هونەرێكی پێوەندیكردنە : واتە گواستنەوەی زانیاریی و ڕێنمایی و شتی تر ، پێكهاتەكانی بریتیین لە ، ( نووسەر ـ نێرەر ، خوێنەر ـ وەرگر ، پەیام ) .(http://mawdoo3.com)

كاتێك نووسین دەبێتە هونەر ، ئەو كاتە پێویستی بە شارەزایی و چاوكراوەیی هەیە ، بە شێوەیەك نووسەر مەبەستی خۆی لە نووسیندا دیاریدەكات ، هەروەها كەرەستەكانی : بیرۆكە، وشە، ڕستە، بڕگە و پەرەگرافەكان، كە لە نووسینەكەیدا بەكاری دەهێنێت، دیاریدەكات. وێڕای ئەمەیش ئەوەش دیاریدەكات كە چۆن دەنووسێت ، بۆكێ دەنووسێت، چی دەنووسێت .(/fac.ksu.edu.sa)

2 – نووسین پرۆسەیەكی ئاڵۆزە : هەموو نووسەرێك بۆ نووسینی بابەتێك بە سێ پرۆسەدا تێپەڕدەبێت ، كە بریتیین لە : ( پلانی نووسین ، داڕشتن ، پێداچوونەوە ) ، كە هەریەكێك لەم پرۆسانە پێویستییان بە چەند هەنگاوێك هەیە تاكو نووسینەكە بەرهەم دێت . (http://mawdoo3.com)، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ كە ئەم پرۆسەیە پرۆسەیەكی لێكترازاوە، بەڵكو پرۆسەیەكی تێكچڕژاوە .

هەروەها بەشێوەی هێڵ ئاسا ناڕوات بەڕێوە واتە لە پلاندانان بۆ پێداچوونەوە ، بەڵکو شێوەی بازنەیی وەردەگرێت ، نووسەر لە قۆناغی پاکنووسکردندا بۆ ڕاستکردنەوەی ڕێڕەوەکەی بۆ قۆناغی پلاندانان دەگەڕێتەوە . (fac.ksu.edu.sa/)

3 – بە پرۆسەی بەرەمزکردنی پەیامی زمانی دادەنرێت ، واتە ئامانجی نووسین بەرەمزکردنی زمانە بە شێوەی هێڵ ئاسا و بەستنەوەی پیتەکان بە یەکترییەوە و ئینجا پێکهێنانی شێوەی بڕگە و وشە و دەستەواژە ، کە لە شتێکی دیاریکراو دەکات بە مەبەستی گەیاندنی بۆ خوێنەر ( وەرگر ) ، تاکو بتوانێت وەریبگرێت و تێی بگات بۆ جێبەجێکردنی پێوەندی کۆمەڵایەتی. (http://mawdoo3.com)
گرنگترین کارامییەکانی ئەم پرۆسەی بەرەمزکردنە بریتییە لە : ( دیاریکردنی ئامانجی نووسین ) ، ( دیاریکردنی بیرۆکە سەرەکییەکانی بابەتی نووسراو ) ، ( دیاریکردنی بیرۆکە لاوەکییەکانی نووسینەکە ) ، ( دیاریکردنی ڕێگاکانی ڕێکخستنی بابەتی نووسینەکە ) ، ( دارشتنی هەموو بیرۆکەکان لە قاڵبێکی زمانیدا کە گونجاو بێت لەگەڵ بابەت و ئامانجەکان ) . (fac.ksu.edu.sa/)

4 – هونەرێکە دەستوورێکی دیاریکراو بەڕێوەی دەبات ، پێویستە نووسەر پابەندی بێت ، بۆ نموونە : سەرەتا، ناوەرۆك ، کۆتایی ، ڕێنووس ، خاڵبەندی ....هتد. (http://mawdoo3.com) ، ئەم دەستوورەش بە پێی جۆری نووسینەکە پیادە دەکرێت . هەرجۆرە نووسینێك بۆ نموونە : وتار ، چیرۆك ، داوەتنامە ....هتد، دەستووری تایبەتی خۆی هەیە .

5 – پرۆسەیەکی هزر و بیرە : واتە نووسەر پێش ئەوەی بنووسێت ، پێویستە بیر لەوە بکاتەوە کە دەیەوێت دەربارەی چی بنووسێت . (http://mawdoo3.com)

### 3.3.3 جۆرەکانی نووسین

نووسین دوو جۆری هەیە :

1 – نووسینی ئەرکی : بریتییە لەو جۆرەی نووسین، کە خزمەتی خاوەنەکەی دەکات لە گەیاندنی داواکارییەك یان بیرۆکەیەك یان سوودێك ، جا گشتی یان تایبەت بێت .
مەبەستی پێوەندیکردنی خەڵکە بە یەکترییەوە بۆ دەستەبەرکردنی پێویستییەکانیان و ڕێکخستنی کاروباری کارگێڕی و نووسراوی فەرمی و ڕاپۆرت و توێژینەوەی زانستی .....هتد ، بەدیدەکرێت . ئەم جۆرە نووسینە ناچێتە ژێرباری شێوازی ڕەوانبێژی و خەیاڵ ، بەڵکو بە وردی و بابەتی جێبەجێ دەکرێت (cpsfiles.jazanu.edu.sa/doc).

نووسینی ئەرکی ئەم تایبەتییانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت :

- وشە و واژەکانی دیاریکراون و ماناکانیان چەسپاوە .
- شێوازەکەی زانستییە .(http://kenanaonline.com)
- پشت بە ڕاستی و سەلماندن و ژمارە و ئاسانی دەبەستێت.
- کەسایەتی نووسەر تیایدا ڕوون و ئاشکرا نییە .
- پشت بە زمانی ئاوەز و شێوازی زانستی دەبەستێت (www.slideshare.net).

2 – نووسینی داهێنەر :

بریتییە لەو جۆرەی نووسین، کە گوزارشت لە کەسایەتی نووسەر و بیروبۆچوونی و حەز و ئارەزووەکانی

دەکات ، واتە نووسینی داهێنەر شتێکی نوێیە نەك لاساییکردنەوە، لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تردەگوازرێت

بە پێی کارامەیی و ژێرخانی شارەزایی و توانستی زمانیی و بەهرەی ئەو کەسە.ئەم جۆرەی نووسین بە

بە شێوەی خۆرسك دەست پێدەکات ، پاشان بە ڕاهێنان و بەدواداچوونی زۆر بۆ شیعر و چیرۆك و وتار و

بابەتی جۆراوجۆری ئەدەبی ...هتد، گەشە دەکات . (cpsfiles.jazanu.edu.sa/doc)

ئەم جۆرەی نووسینیش ئەم تایبەتییانەی خوارەوەی هەیە :

- داهێنان لە زماندا .
- پشتبەستن بە شێوازی ئەدەبی زیاتر ، وەك لە شێوازی خەبەری .
- جۆراوجۆری لایەنی جوانکاری و فرەواتایی لە وشەکاندا .
- جوانکاری لە ڕیزبەندی کەرەستەکانی زمان و دارشتنێکی پتەو .
- پشت بە ژێرخانی ڕۆشنبیری خاوەنەکەی دەبەستێت . (http://kenanaonline.com)

### 3.3.4 گرنگییەکانی نووسین

گومانی تێدا نییە، کە نووسین یەکێکە لە کارامەییە گرینگەکانی زمان ، گرینگی زمان هەمەچەشن و هەمەجۆرە ، بە پێی جۆراوجۆری لایەنەکانی ژیانی تاك ، بۆیە نووسین گرنگی کۆمەڵایەتی، دەروونی، ئاینی ڕۆشنبیری، شارستانی و پەروەردەیی ..... هتد، هەیە.
بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت گرینگی نووسین لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا دەستنیشان بکەین :

1 – یادگاری تاك و گەلانە : بەهۆی نووسینەوە، هزر و بیر و کەلتووری گەل و نەتەوە لە ونبوون و لە ناوچوون دەپارێزرێت و مێژووی گەل و نەتەوە لە ڕێگای نووسینەوە تۆماردەکرێت و دەپارێزرێت ، نەتەوەی بێ مێژوو بزرە و پێگەی نەتەوایەتی نییە . هەروەها ئامراز و هۆکاری گواستنەوەی زانیاریی و زانستی جۆراوجۆرە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر . (cpsfiles.jazanu.edu.sa/doc)

2 – نووسین لە ژیانی میللەتاندا، شێوەیەکە لە شێوەکانی ڕاپەڕین و بەرەوپێشچوون ، بۆیە زۆری نووسین و دانانی کتێبی بەسوود، بەڵگەیە بۆ ئاستی بەرزی ڕۆشنبیری میللەت و شارستانییەتییەکەی . (http://mawdoo3.com)

3 – نووسین، هۆکارێکە لە هۆکارەکانی پاراستنی مافی خەڵك لە ونبوون یان لە بیرچوونەوە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و دارایی و بازرگانی و ڕێکخستنی کاروباری کارگێڕی ....هتد ( هەمان سەرچاوە )

4 – نووسین ئامرازی داهێنانە : بەهۆی نووسینەوە ئەدیب و شاعیر و نووسەران بابەتەکانی خۆیان بۆمان دەگوازنەوە ، لایەنێکی ئەم جۆرەی نووسین ئارامی و خۆشی دەروونی بۆ تاك جێبەجێ دەکات . (http://kenanaonline.com)

5 – ئامرازێکە لە ئامرازەکانی بانگەشە و ڕاگەیاندن ، بەتایبەتی لەم سەردەمەی

ئێستادا بە هۆی زۆری بڵاوكراوە و كتێب و ڕۆژنامە .....هتد . (cpsfiles.jazanu.edu.sa/doc)

6 – ئامرازێكە لە ئامرازەكانی زانیاریی و ڕۆشنبیریی و فێركردن . ئایا دەكرێت قوتابخانە و پەیمانگە و كۆلێج و مەڵبەندی توێژینەوەی زانستی .....هتد ، هەبێت بەبێ بوونی پرۆسەی نووسین . ( هەمان سەرچاوە )

### 3.3.5 ئامانجەكانی نووسین

گرنگترین ئامانجەكانی نووسین ئەمانەن :

1 – لە لایەن نووسەرەوە توانستی گوزارشتكردن لە بیر و بۆچوون و هەست و نەست، بە شێوەیەكی ئاست بەرز دەستەبەر دەكرێت .

2 – لە كاتی پێشكەش كردنی بیروڕا لە لایەن نووسەرەوە، پێویستە توانستی بیركردنەوەی مەنتقی دەستەبەربكرێت .

3 – گەشەپێدانی توانستی نووسەر لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەڵوێست و بۆنە جیاجیاكانی ژیانی ڕۆژانەدا ، بۆ نموونە ، لە نووسینی كارتێكی پیرۆزبایی ، یان نامەیەك،یان یادگارییەكان .....هتد .(www.alukah.net)

4 – دەستەبەركردنی توانستی گوزارشتكردن بە زمانێكی پاراو لە لایەن نووسەر و ڕەچاوكردنی بەكارهێنانی ڕێزمان و كەرەستەكانی زمان بە شێوەیەكی ڕێكوپێك . ( هەمان سەرچاوە )

## 4. بەشی دووەم

نموونە ( مۆدێلەكان )ی نووسین :

### 4.1 چەمك و پێناسەی نموونە ( مۆدێل ) :

مرۆڤ بۆ تێگەیشتن و شرۆڤەكردنی زۆربەی ئەو دیاردانەی كە دەوریانداوە، پەنا دەباتە بەر شێوازی ئاسانكردن و لاساییكردنەوە، لەو چوارچێوەیەشدا لەوانەیە پەنابەرێتە بەر دانانی (نموونە)یەكی بچووكی هاوشێوەی شتەكان،بەمەبەستی ئاسانكردنی لە بەردەم توێژینەوە و لێكۆڵینەوەكاندا.

نموونە: (هەوڵێكە بۆ پێشكەشكردنی پێوەندییەكی شاراوە و نادیار كەوا دەخوازێ لە نێوان گۆڕدراوەكاندا هەبێت كە ڕووداوێك ،یان دیاردەیەك لە شێوەی هێڵیەكدا دروست دەكەن ). واتە نموونە ئامرازی ڕۆشنبیرییە بۆ تێگەیشتنی دیاردەیەك لە جیاتی توێژینەوە.) fac.ksu.edu.sa/sites/default

نموونەكانیش بەزۆر شێوە دەخرێنەڕوو، چونكە نموونەی زارەكی و نموونەی ئاماری، یان وەرزشی و هیتریش هەن، كەچی وێڕای هەمەجۆری و جیاوازی نموونەكان كە مرۆڤ بۆ شرۆڤە و شیكردنەوەی دیاردەكان دایاندەنێت، دەتوانین لە دوو شێوەی سەرەكیدا باسیان بكەین :

#### 4.1.1 نموونە بناغەییەكان (بونیادییەكان):

جەخت لەسەر بونیادی دیاردەكان دەكەنەوە، لەڕووی پێكهاتەكانیان و ژمارەی ئەو پێكهاتانە و ڕێكخستنیان و تایبەتمەندییەكانیان، واتە ئەو نموونانە دیاردەكان شیدەكەنەوە بۆ یەكەی بچووك بچووك، كە دیاردەكەیان لێ پێكدێت.

#### 4.1.2 نموونە كردارییەكان (ئەركییەكان):

ئەو نموونانەن، كە لە بنەرەتدا جەخت لەسەر سیستمی كاری دیاردەكان دەكەن و شرۆڤەی سروشتی ئەو هێز و گۆڕدراوانە دەكەن، كە لە سیستەم، یان دیاردەكان لە شوێنی توێژینەوەدا و چۆنیەتی كارلێككردن و ئاوێتەبوونی ئەو هێزانە و گۆڕدراوەكان(المتغيرات) لە هێنانەدی میكانیزمی كاركردنیان.)عبدالحميد،2004ل62،61 ) .

گومان لەوەدا نییە، كە هەردوو جۆرەكە لە شرۆڤەكردنی دیاردەكان و ڕاڤەكردنیان گرینگ و سەرەكین، وێڕای جیاوازی دەروازەی هەردوو جۆرەكە. كاتێك بمانەوێ نموونەیەك لەسەر(چاوی مرۆڤ) پێشكەش بكەین، بۆ نموونە: دەبێ نموونەیەكی بونیادی پێشكەش بكەین، كە لەسەر پێكهاتەكانی چاو و بەشەكانی بدوێت، واتە توێكاری، (تشريح)چاوی مرۆڤ و ڕوونكردنەوەی وردی ئەو بەشانەی كە چاوی لێ پێكدێت.

هەروەها پێویستە نموونەیەكی كرداری بۆ ڕاڤەكردنی چۆنیەتی گونجان و ڕێككەوتنی ئەو بەشانە و پێكهاتەكانی دیكەی بەمەبەستی بینین دابڕێژین، واتە نموونەیەك كە ڕاڤە و شرۆڤەی چۆنیەتی كاركردنی چاوی مرۆڤمان بۆ بكات.

كەواتە ئێمە دەتوانین لە ڕێگای بەكارهێنانی نموونە ( مۆدێل ) ەوە وەسفی پرۆسەی پێوەندیكردن بكەین، كە چۆنیەتی ڕوودانی ئەم پرۆسەیەمان پیشان دەدات.

نموونە، بریتییە لە ڕوونكردنەوەی پرۆسەی پێوەندیكردن بە شێوەی هێلكاری (دایاگرام)، كە تیایدا ڕەگەزەكانی پێوەندیكردن و ڕیزبەندییان و پێوەندی نێوانیان پیشان دەدات. وێڕای ئەمەیش سوودێكی زۆریش دەگەیەنێت، چونكە بابەتی پێشكەشكراو بە شێوەیەكی ڕێك و پێك پیشان دەدات و ڕەهەندەكانی بە ئاسانی ڕوون دەكاتەوە.( العبدالله،2006،ل80،79 )

لەم ڕووەوە توێژەران یان لێكۆڵەران سێ جۆر نموونەی سەرەكییان دەستنیشان كردووە، بەم شێوەیەی خوارەوە: ( http://esmaat.3abber.com/post/231160 )

#### 4.1.3 یەكەم / نموونەی یەك ئاراستە(هێڵ ئاسا):

لە سەرەتاكانی سەدەی بیستەمدا، توێژەران وایان لە قەڵەم داوە، كە پێوەندیكردن وەكو لێدانی دەرزی لە لەش وایە، كە نێرەر هەست و بیری خۆی دەكاتە پەیامێك و پاشان لە ڕێگای هۆكارێكی دیاریكراوەوە (ئاخاوتن،نووسین،وێنە....هتد ) دەینێرێت بۆ وەرگر، ئینجا ئەگەر هاتوو پەیامەكە بە یەك ئاراستە لە شێوەی هێڵێكی ڕاست بە بێ ژاوەژاو گەیشتە وەرگر، ئەو كاتە پرۆسەكە سەركەوتووە.

#### 4.1.4 دووەم / نموونەی دوو ئاراستە:

نموونەی یەك ئاراستە بۆ شرۆڤەكردنی پرۆسەی پێوەندیكردن، تێگەیشتنی ئاسانە، بەڵام پرۆسەی پێوەندیكردن بە وردی ناپێكێ. ناكرێت لە لایەك بڵێین، كە پێوەندیكردن بە یەك ئاراستە(لە نێرەر بۆ وەرگر) بە ڕێوەدەچێت، چونكە زۆربەی دۆخەكانی پێوەندیكردن بە تایبەتی پێوەندیكردنی نێوان دوو كەس، یان كۆمەڵێكی بچووكی خەڵك بە دوو ئاراستە جێبەجێ دەبێت. نموونەی یەك ئاراستە، كاردانەوە(فیدباك) ی وەرگری بەرانبەر ئەو پەیامانەی وەریدەگرێت لە

بیر كردووە، چونكە ئەویش پەیام دەنێرێتەوە، بەم شێوەیە لە وەرگرەوە دەگوێزرێت بۆ نێرەر و پاشان بۆ وەرگر، هەموو ئەمانە لە ماوەیەكی زۆر كورتدا ڕوودەدەن .

### 4.1.5 سێیەم / نموونە (مۆدێل)ی كارلێك :

لە بەر ئەوەی پرۆسەی پێوەندیكردن پرۆسەیەكی ئالۆزە، بۆیە هەردوو نموونەكانی پێشوو(یەك ئاراستە و دوو ئاراستە)ناتوانن ئەم پرۆسەیە بە تەواوی شیبكەنەوە. پێوەندیكردن پشت بە ژینگە دەبەستێت، جا ژینگەی مادی یان كۆمەڵایەتی یان ڕۆشنبیری بێت.هەروەها پشت بە فاكتەری دەروونی و خودی و هەردوو لای پێوەندیكردن (نێرەر و وەرگر) دەبەستێت.

نموونەی كارلێك هەوڵ دەدات هەموو ڕەگەزەكانی پێوەندیكردن لە خۆ بگرێت، وەكو ژینگەی پێوەندیكردن، كاردانەوە، ئەو شتەی لە پێش پێوەندیكردنەوە هەبووە، ئەوەی لە پاش پرۆسەكەوە دێت و.....هتد. ئەمە سروشتی پێوەندیكردنە، كە كۆتایی نایەت، یەك تەواوكەری ئەوی ترە.

زانا و شارەزایانی بواری نووسین بە گوێرەی ئامانجی نووسین كۆمەڵێك نموونەی جۆراوجۆریان خستۆتەڕوو.

ئاشكرایە كە نووسین یەكێكە لە هۆكارەكان، یان ئامرازەكانی پێوەندیكردن و كارامەییەكانی ژیان، بۆ زۆربەی بوارەكانی ژیان پێویستە، بەتایبەتی كە یەكێكە لە كارامەییەكانی زمانیش، هەروەها ڕووی دووەمی دراوی گوزارشتكردنە. ڕاگەیاندنیش جۆرێكە لە جۆرەكانی پێوەندیكردن، كەواتە نووسین وەكو زمانی دووەم ڕۆڵی گەورەی لە پرۆسەی ڕاگەیاندندا هەیە.شارەزایانی بواری نووسین بۆ مەبەستی زیاتر شرۆڤەكردن و شیكردنەوەی نووسین، چەند نموونە( مۆدێلَ ) ێكی نووسینیان بە پێی ئامانج لە نووسینەكە خستۆتەڕوو، ئەم نموونانە زۆربەیان لە پرۆسەی ڕاگەیاندندا ڕەنگدانەوەیان هەیە، كە بریتین لە : نموونە ( مۆدێل ) ەكانی : ( وارن ، سوالز ، فكۆرتەر ، فلاوەر ، فلاوەر و هیز ، كلارك و ئیڤانك ، گراپ و كاپلان ، وایت و ئارندت ، هانلی و هیرۆن ، كۆل ) -.http://k (tb.com/author)

ئەم نموونانەی نووسین هەروەك جۆری نموونەكانی پێوەندیكردن وان ، كە جۆری یەك ئاراستە و دوو ئاراستە و كارلێكن .

ئێمە نموونەی ( كلارك و ئیڤانك ) ، دەخەینەڕوو، كە نزیكە لە نموونەی كارلێك ، ئەم نموونەیەش لە پرۆسەی پێوەندیكردن و ڕاگەیاندندا چاكترین جۆرە.

نموونە ( مۆدێل ) ی كلارك و ئیڤانك :

ئەم نموونەیە باس لەوە دەكات ، كە وێڕای ئەوەی نووسین پرۆسەیەكی هزرییە،لە هەمان كاتیشدا پرۆسەیەكە كار لەسەر كارلێكی تاك لە دەوروبەرێكی كۆمەڵایەتیدا دەكات . نووسین لەلای ( كلارك و ئیڤانك ) شێوەیەكە لە شێوەكانی پێوەندی كۆمەڵایەتی و كارلێككردن لەگەڵ دەوروبەردا . بابەتی نووسینی بەرهەمهاتوو ناوەندێكی پێوەندیكردنی كۆمەڵایەتییە ، بۆیە پێویستە ئەم خاڵانەی خوارەوەی لێ بەرهەم بێت : ( هەمان سەرچاوە )

- پێكهێنانی كۆڵكەی هاوبەش دەربارەی گرفت و بابەتەكان .
- گۆڕینەوەی بیرورا و بۆچوونەكان .
- زمان وەكو هۆكارێكی كۆمەڵایەتی لە نێوان تاكەكاندا .
- بەرپرسیاریەتی لە ئەستۆ گرتن .
- بەشداربوون لە چارەسەركردنی گرفتەكان .
- پەرپێدانی شارەزاییە جۆراوجۆرەكانی ژیان .

ئەم نموونەیە لە شیكردنەوەی شارەزاییەكانی پێشوو لە ژێر ڕۆشنایی ئامانج و مەبەست سەرچاوە دەگرێت، كە شیكردنەوە یارمەتیدەرە بۆ دامەزراندنی ئامانج و مەبەستەكانی و دیاریكردنی جۆری نووسینەكە، ئەم مەبەستانەش پێوەندییان بە هەست و بیروراوە هەیە. هەروەها پێویستە بارودۆخی شوێن و كات، كە كاریگەرییان بەسەر پرۆسەی نووسین و خوێندنەوەدا هەیە لەبەر چاو بگیرێن، لەدوای ئەمەدا داڕشتنی بیرۆكەكانی تایبەت بە نووسەر دادەڕێژرێن.

نووسینیش لە ڕێگای كۆمەڵێك پرۆسەی یەك لە دوای یەك ئەنجام دەدرێت، كە نووسەر دەستدەكات بە نووسینی ڕەشنووسی ئەو بیروڕایانەی،كە لەلایەتی، لە پاشاندا بە ڕەشنووسەكەدا دەچێتەوە، ئینجا نووسینەكە بەرهەم دێت.

## 4.2 نووسین لە پرۆسەی ڕاگەیاندندا:

نووسین بنەمای پرۆسەی ڕاگەیاندنە، دەچێتە ناو هەموو ژانر و ڕەگەز و ئامراز و هۆكارەكانی ڕاگەیاندنەوە، وەكو: وتاری ڕۆژنامەوانی، هەواڵ، لێكۆڵینەوە، ڕاپۆرت، هەروەها نووسینی ئێزگەیی بەهەموو جۆرە بەرنامەكانییەوە و بە هەمان شێوە نووسینی تەلەڤزیۆنی و هونەری دراما و شانۆ و سینەماش.

هەتا ئێستاش وشەی نووسراو بنەمای زۆربەی بابەتی هۆكارەكانی پێوەندیكردنی جەماوەرین لە ( چاپكراو و بیستراو و بینراو )دا. ئاشكرایە كە ڕۆژنامەی چاپكراو هەردەم پشت بەو بابەتە نووسراوانە دەبەستێت ، كە نووسەران و ڕۆژنامەنووسان دەینووسن، وەكو: هەواڵ ، ڕیپۆرتاژ ، لێكۆڵینەوە ، وتار .....هتد. جگە لەمانەیش بە گوێرەی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنیش، زۆربەی ئەو بابەتانەی لە چوارچێوەی ئەم دوو هۆكارانەوە پێشكەش دەكرێن، پشت بە دەقی نووسراو دەبەستن، لە دواییدا لەڕێگای خوێندنەوەیاندا دەگۆڕێن بۆ دەنگ و ڕەنگ و جووڵە.( شلبی،1987، ل17-18).

بۆ هەر جۆرە نووسینێك قالب و تەكنیكی تایبەت و ڕێسای دیاریكراو و ڕەگەزی هونەری خۆی هەیە، كە لە جۆرەكانی تری نووسین جیای دەكاتەوە. بە شێوەیەكی گشتی نووسین لەسەر دوو ڕەهەندا بنیات دەنرێت و ناكرێت لە یەكتر جیا بكرێنەوە، كە بریتین لە :

1- شێوە، یان پێی دەوترێت ڕەهەندی گوتەیی : مەبەست لێی گوتە و شێواز و قالبە زمانییەكانە، كە نووسەر بە گوێرەی ڕێككەوتنی لەگەڵ دەستووره باوەكانی زماندا هەڵیدەبژێرێت.

2- ناوەرۆك، یان پێی دەوترێت ڕەهەندی واتایی و مەعریفی : مەبەست لێی زانیاری و ڕاستی و بیرۆكە و واتا و شارەزاییەكانە، كە مرۆڤ لە ئەنجامی خوێندنەوەی زۆر بەدەستیان دێنێت .(ربابعە،ل9)

هەموو جۆرەكانی نووسین لە چوارچێوەی كاری ڕاگەیاندندا لە ژێر ڕۆشنایی یەك شێوازی زمانیدا كاردەكەن، كە ئەویش زمانی ڕاگەیاندنە، ئەم زمانە لە ڕووی پێكهاتە و داڕشتنەوە خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی، كە لە جۆرەكانی تری زمان جیای دەكاتەوە، زمانی ڕۆژنامەنووسیی و زمانی ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن لە خۆدەگرێت. هەروەها هەریەكێك لەم زمانانەش تایبەتمەندی خۆیان هەیە بە

هۆیەوە لە یەکتری جیا دەبنەوە.

هونەری نووسینی ڕۆژنامەنووسی، یەکێکە لەو هونەرانەی کە دووچاری پێشکەوتن و گۆڕان دەبێت. ئەگەرچی بنەما و یاساکانی هونەری نووسینی ڕۆژنامەنووسی چەسپاو و نەگۆڕە، بەڵام لە ئەنجامی بەکارهێنان و پیادەکردنی ئەم بنەما و یاسایانە، بە هەمان خێرایی پێشکەوتنی پیشەی ڕۆژنامەنووسی دووچاری پێشکەوتن و گۆڕان دەبنەوە، چونکە پیشەی ڕۆژنامەنووسی پیشەیەکە پەیوەندییەکی بە هێزی بە ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤەوە هەیە، ئاشکراشە کە دیارترین یاسای هەڵسووڕێنەری ژیانی کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی، یاسای پێشکەوتن و گۆڕانە .( ابوزید،1990،ل6 )

نووسین لە چوارچێوەی پرۆسەی ڕاگەیاندندا کارێکی ئامانجدارە، بۆیە بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە ، نووسەر پێویستی بە نووسینێکی کاریگەرە، کاریگەریش لە ڕێگای کاری هزری و پلاندانانەوە دەستەبەردەبێت.

پرۆسەی پلاندانان، کە قۆناغی پێش نووسینی پێدەوترێت، کارامەییەکی بناغەیی نووسینە و یەکەم پرۆسەی بونیاتنانی دەقە و پێویستی بە کاتێکی زۆر هەیە، چونکە نووسەر ڕووبەڕووی بڕیارگەلێکی جۆراوجۆر دەبێتەوە.

پلاندانان پرۆسەی ماوە پێدانە، کە نووسەر بە مەبەستی گفتوگۆی خودیی و گەڕانەوە بۆ سەرچاوەکان و قووڵبوونەوە لە بابەتەکە، بە خۆی دەدات. لەم قۆناغەدا نووسەر چەند پرسیارێك لە خۆی دەکات و هەر خۆشی وەڵامیان دەداتەوە لە چوارچێوەی گفتوگۆیەکی خودیدا، کە ئەم کارە یارمەتیدەر دەبێت لە سەرکەوتنی نووسەر بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی، پرسیارەکانیش بریتیین لە : ( بۆ دەنووسم ، بۆ کێ دەنووسم ، چی دەنووسم ، چۆن دەنووسم ، ڕێکخستنی گونجاو بۆ سروشتی بابەتەکە چییە؟ ) . ( ربابعە،2015،ل10 ) .

پلاندانان بۆ نووسینێکی کاریگەر چەند هەنگاوێکی بناغەیی لەخۆدەگرێت، گرینگترینیان :

1- دیاریکردنی ئامانجەکان : هەموو چالاکییەکی پێوەندیکردن ئامانجێکی دیاریکراوی هەیە. چالاکی واتای نابێت ئەگەر بێت و مەبەست و ئامانجێکی نەبێت. بۆیە پێویستە لە پێش ئامادەکاری بۆ نووسین لە خۆمان بپرسین، چیمان دەوێت؟.

2- دەستنیشانکردنی جەماوەر : نووسین بریتییە لە پێوەندی نێوان نووسەر و خوێنەر، ئەگەر هاتوو لە ڕۆژنامەدا بێت، یان نووسەر و گوێگر، ئەگەر بێت و لە ڕادیۆدا بێت، یان نووسەر و بینەر، ئەگەر هاتوو لە تەلەفزیۆندا بوو. کەواتە بۆ کێ دەنووسین و ئەو جەماوەرە کێن، کە ڕووی پەیامان لێیانە و سروشت و تایبەتمەندییان چییە؟ .

3- هەڵبژاردنی بیرۆکەی بابەتەکە : گرینگترین پێوەری هەڵبژاردنی بیرۆکە، چەندێتی گرینگی ئەو بابەتە بۆ جەماوەر و ڕێککەوتنی لەگەڵ شارەزایی نووسەر و گونجانی لەگەڵ ژینگە و دەوروبەردا لەخۆ دەگرێت.

4- کۆکردنەوەی بابەتی پێویست : ئێمە لە بۆشاییدا نانووسین، بەڵکو لە چوارچێوەی ئەو زانیارییانەی هەمانە، کە لە سەرچاوەی جیاواز و گەواهیدەرەوە دەستمان کەوتوون، نموونەی جیاجیا، ژمارە، داتا، هۆکارەکانی ڕوونکردنەوە، وەکو: وێنە و خشتە و نەخشەی بەیانی.....هتد دەنووسین.

5- دیاریکردنی باشترین شێوازی نووسین : ئەمەش لە ڕێگای دیاریکردنی قاڵبی نووسین و ئینجا پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندن، دەستەبەر دەبێت .( الشمری،،2010ل203)

### 4.2.1 تایبەتمەندی و فاکتەرەکانی نووسینی کاریگەر :

نووسین بە جۆرێك لە جۆرەکانی گەیاندن، یان ئاگادارکردنەوە لە پرۆسەی پێوەندیکردندا دادەندرێت، ئامانج لێی سوود گەیاندنە بە جەماوەر، بۆ گیروگرفتە کۆمەڵایەتی و خێزانی و دەروونی و کەسیی، چارەسەرە، لە پرۆسەی بنیاتنانی هزری و ڕۆحی و ڕەوشتی یارمەتیدەرە. http://www.mozn.net/?act=artc&id=1457

بە شێوەیەکی گشتی گرنگترین تایبەتمەندی و فاکتەرەکانی نووسینی کاریگەر بریتیین لە :

#### 4.2.1.1 یەکەم / وردی و ڕاستگۆیی :

لە پێویستییە گرینگەکانی پرۆسەی نووسینە لە هەموو بابەت و بوارەکانی نووسیندا، واتە نووسەر دەبێت ڕاستگۆبێت لەگەڵ خۆی و جەماوەرەکەی، واتە شتێك نەنووسێ پێچەوانەی کەسایەتی خۆی بێت ، ئەوەی لەسەر کاغەز دایدەڕێژێت، ڕەنگدانەوەی باری ژیانی و دەوروبەرەکەی خۆی بێت .بێگومان لە پرۆسەی ڕاگەیاندنیشدا جەخت لەسەر وردی و ڕاستگۆیی ناوەڕۆکی هەموو ئەو بابەتانە دەکرێتەوە، کە لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندندا بڵاو دەکرێنەوە، بۆ نموونە: لە نووسینی هەواڵدا پێویستە ڕەچاوی وردی بکرێتەوە، ئەمەش بەگەڕانەوە بۆ زیاتر لە سەرچاوەیەك دەستەبەر دەبێت. لە پێناو ڕاستی و دروستی هەواڵ بەدەستهێنان، وێڕای ئەمەیش، وردی لە نووسینی ژمارە و ناو و ڕووداوەکاندا.

#### 4.2.1.2 دووەم / کورتبڕی و ساکاری :

درێژدادڕی و تێهەڵکێشی وشە و دەستەواژەی زیاد لە پرۆسەی نووسیندا دەبێتە هۆی ماندووبوون و بێزاربوونی خوێنەر، لە پرۆسەی ڕاگەیاندنیشدا یەکێکە لە تایبەتییەکانی زمانی ڕاگەیاندن، ئەم تایبەتمەندییە لەلایەك لە سروشتی هۆکاری دیاریکراو، لەلایەکی تر سروشتی ئەو جەماوەرەی کە توانای بەردەوامی بەدوا داچوونی دووورو درێژی بۆ پەیامی ڕاگەیاندن نییە، سەرچاوە دەگرێت ، بۆ نموونە: قەبارەی ڕۆژنامە هەرچەندە گەورە بێت بەڵام ژمارەی لاپەڕەکانی دیاریکراوە و دەبێت زۆرترین بابەتی نووسراو جێگای بۆ بکرێتەوە ، هەروەها کاتی بەرنامە هەرچەند زۆربێت ، بابەتەکان زۆرترن بۆیە کورتبڕی پێویستە بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە .

#### 4.2.1.3 سێیەم / بابەتی :

نابێت هەستی خۆشەویستی و ڕقلێبوونەوە لە نووسیندا ڕەنگدانەوەیان هەبێت، کە ئەمەیان لە پرۆسەی ڕاگەیاندندا خاڵێکی زۆر گرینگە و دەبێتە هۆی بەخشینی متمانە و باوەڕی جەماوەر بەو نووسینە .

#### 4.2.1.4 چوارەم / کۆکردنەوەی سەرچاوە :

پێویستە نووسەر زۆرترین زانیاری و سەرچاوە لە بارەی بابەتەکەی کۆبکاتەوە، بەمەبەستی پاڵپشتیکردنی نووسینەکەی، کە ئەمەش وادەکات زۆر بەهێز خوێنەر بەلای نووسینەکەیدا ڕابکێشێت .( هەمان سەرچاوە )  بۆ هەموو ژانرەکانی ڕاگەیاندنیش ( هەواڵ ، وتار ، ڕیپۆرتاژ ....هتد )، ئەمە یەکێکە لە خاڵە گرنگەکان، کە لە سەرنجڕاکێشیدا سەرچاوە دەگرێت و لە چوارچێوەیەکی ناسك و بەچێژ دابڕێژرێت، چونکە خەڵك و جەماوەر هەمیشە بە تاسە و شەوقەوە دەڕواننە بابەتە سەرنجڕاکێشەکان، نەك بابەتێکی وشك و بێتام.(ئیبراهیم و رەحمان، 2015،ل15).

## 4.2.1.5 پێنجەم / ڕێکخستنی بیرۆکەکان :

هەموو بابەتێکی نووسراو گرینگە لە چوارچێوەی قاڵبێکی ڕێکوپێکدا پێشکەش بکرێت، کە پێشەکی و ناوەرۆك و کۆتایی لەخۆدەگرێت. گرنگە هەریەکێك لەمانە بە شێوەی ڕیزبەندییەکی یەکگرتوو بخرێنەڕوو . لە ژانرەکانی ڕاگەیاندنیشدا ئەم دیاردەیە بەدیدەکرێت، بۆ نموونە: لە هەواڵدا لە هەموو شێوە و قاڵبەکانیدا پێشەکی و ناوەرۆك و کۆتایی هەیە، کە بەپێی قاڵبی داڕشتنی هەواڵەکە ئەم سێ لایەنە بەدوای یەکتردا ڕیزدەبن. هەروەها گرنگە نووسەر لە وشە و دەستەواژەی نامۆ و نائاشنا بە خوێنەر دووربکەوێتەوە، ئەگەر هاتوو زاراوە یان دەستەواژەیەکی بیانیشی بەکارهێنا پێویستە لە نێوان دوو کەوانەدا ڕوونیان بکاتەوە.

## 4.3نووسین بۆ ڕۆژنامە :

نووسینی ڕۆژنامەنووسیی، سەرجەمی پڕۆسەکانی داڕشتنەوەی زانیارییەکان لەڕووی زمانەوانیی و ڕۆژنامەنووسییەوە دەگرێتەوە، چ لە کایەی ڕۆژنامەنووسیی نووسراو، یان هەرناوەندێکی تری ڕاگەیاندندا بێت ، تەنانەت لە کایەی پڕۆپاگەندە و پەیوەندییە گشتییەکانیشدا، سەرەڕای ئەوەی پڕۆپاگەندە هونەرێکی سەربەخۆیە، بەڵام تایبەتمەندی نووسینی لە کایەی ڕاگەیاندندا هەیە.

ئەوەی پێی ئاشناین، نووسین داڕشتنەوەی زمانەوانیی باشە بۆ هەر نووسینێك، بەوپێیەی نووسینی ڕستەیەك بەشێوەیەکی باش، پوختەکردنی زمانەکەی و گوزارشتکردنەکەیەتی، بەجۆرێ ڕەچاوی ڕێسا زمانەوانییەکە بکا و تیایدا وێنەیەکی ئەدەبی باش فەراهەمبکرێت. بەڵام لە کایەی ڕاگەیاندندا، مانای داڕشتنەوەی زمانەوانیی و داڕشتنەوەی ڕۆژنامەنووسییە لە یەك کاتدا، واتا مۆڵگایەتیکردنی زمانە ڕۆژنامەنووسییەکە، بوونی داڕشتنەوەی ڕۆژنامەنووسیی بۆ ڕستە و گوزارشتەکان، هاوشانی ئەوەیش سیاقێکی سەرەکی لە گێڕانەوەی زانیارییەکان و ڕۆنان و داڕشتنەوەیدا ڕەچاوبکرێت.

کەواتە نووسینی ڕۆژنامەنوسیی، ئیکتیفا بە قاڵبێکی زمانەوانیی و داڕشتنەوەکەیشی ناکات. بەڵکو بایەخ بەو شتانە دەدات کە لە خۆی دەگرێت، لەگەڵ ناوەرۆك و چوارچێوەکەی، ئیتر ئەو ناوەرۆکە زانیاری، یان هەڵوێستێك، یاخود وەسفێك، یان ڕووپێوێکی گشتی سەرتاسەری بێت.( زوبیان،2008، ل279-280).

نووسینی ڕۆژنامەنووسیی( ڕۆژنامەوانی )، بە چەمکە زمانیی و شێوازییەکەی، هەروەها وەکو پڕۆسەیەکی هونەری نووسین، بریتییە لە یەکێك لە هونەرەکانی نووسینی پەخشانی واقیعی و پڕۆسەی گۆڕینی ڕووداو و بیروڕا و شارەزاییەکان لە چوارچێوەی وێنای هزری و بیرۆکەییدا بۆ زمانێکی نووسراوی تێگەیشتوو لەلایەن خوێنەرێکی ئاسایی .

نووسینی ڕۆژنامەنووسیی یان هونەری نووسینی ڕۆژنامەوانی وەکو هونەرێکی نووسین، جیاوازە لەگەڵ نووسینی زانستی، کە ئەمەیان پشت بە زاراوەی زانستی یان هونەری وردی دیاریکراو دەبەستێت، کە تەنها خاوەن پسپۆڕی ورد تێی دەگات، هەروەها جیاوازە لە نووسینی ئەدەبی، کە پشت بە ئەندێشە و ڕەوانبێژی و درێژدادڕی و جووڵاندنی هەست و سۆزی وەرگر دەبەستێت.

بەڵام نووسینی ڕۆژنامەنووسیی وەکو هونەری نووسین پشت بە شێوازی زانستی ئەدەبئامێز دەبەستێت، یان زمانێکی ناوەند، کە هەندێك کەس بە زمانی ڕۆژنامەنووسیی یان زمانی ڕاگەیاندن ناوی دەبەن، کە شێوازی ڕۆژنامەنوسیی و ڕاگەیاندنی هەیە و خوێنەرێکی ئاسایی ڕۆژنامە تێی دەگات. هەروەها خاوەن شێوە، یان قاڵبێکی هونەری تایبەتمەندە، کە بە هۆیەوە ناوەرۆکی ڕۆژنامەنووسیی دەگوازێتەوە.(الشریف و ندا،2004،ل124‘125)

## 4.4نووسین بۆ ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن :

ئەو کەسەی لە هەچ هۆکارێکی ڕاگەیاندن، کە قسەدەکات یان دەنووسێت سەرکەوتوو نابێت، ئەگەر لە سروشت و تایبەتی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن نەگەیشتبێت، چونکە تێگەیشتن لە هەر هۆکارێکی ڕاگەیاندن و ناسینی تایبەتییەکانی، دەروازەیەکە بۆ سوود وەرگرتن لە توانستی هەموو هۆکارێك و بەکارهێنانی بەشێوەیەکی ڕاست و دروست. هەروەها ئاگاداربوون لەو کۆت و بەند و سنوورەی کە پێویستە لە چوارچێوەیاندا کاربکات.(خلیل و هبە،1999،ل80).

نووسین بۆ ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن بە شێوەیەکی سەرەکی ئامانجی گواستنەوەی بیروڕا و زانیارییە بۆ وەرگر بە خێرایی و ئاسانی و سەرنجڕاکێش و چێژئامێز. بۆیە شارەزایان و پسپۆڕان، نووسەرانی ئەم بوارە ڕادەسپێرن کە دەقی ئێزگەیی تایبەتی ڕوونی و جۆراوجۆری و کورتبڕی لە خۆبگرێت، بۆ ئەوەی کاریگەری بەسەر جەماوەردا هەبێت.

شارەزایان تایبەتییەکانی سروشتی شێوازی ئێزگەیی لە وتەیەکدا کورتدەکەنەوە، کە دەڵێن : ( شێوازێکە بۆ ئەوە بەکاردێت، کە لەگەڵ مرۆڤێکی بەساڵاچووی گوێگران بدوێین، هەروەها بۆ هەرزەکارێکی تەمەن چواردە ساڵ و مرۆڤێکی پێگەیشتوو. بەم پێیە شێوازی نووسینی ئێزگەیی پێویستە چەند خەسڵەتێکی دیاریکراوی هەبێت، کە بریتین لە کورتبڕی و ڕوونی و ئاشکرایی و تەندروستی زمان. وێڕای ئەم خەسڵەتانەیش، خەسڵەتی خودی و کەسیش لەخۆ بگرێت.( الشریف و ندا،،2004 ل46 ).

زمانی ئێزگەیی بریتییە لە یەکگرتنی ڕاستەقینەیی نێوان زمانی نووسین و زمانی ئاخاوتن و کاریگەرییەکی گەورەی بەسەر دەوڵەمەندکردنی گەنجینەی زمانیی نێوان هەموو خەڵکدا هەیە لە یەکخستنی شێوەی دەربڕینی وشە و زاراوەکان و نزیککردنەوەی دیالێکتەکان لەیەکتری . (شرف،1991، ل229) . ڕوونی و تەندروستی زمانی ئێزگەیی لایەنێکی گرنگە بۆ گەیشتن بە جەماوەری گوێگر و بینەر، چونکە یارمەتییان دەدات لە تێگەیشتن و بەدواداچوونی ناوەرۆکی بابەتەکان. لە لایەکی تر زمانی ئێزگەیی دەبێت ڕەچاوی ئەوە بکات کە گرنگییەکانی

دەربڕینی ئێزگەیی بەهای دەنگی و وردی بەکارهێنانی واژەکانە، هەروەها زانین و شارەزایی چۆنیەتی گەیشتنیان بە گوێی گوێگر .

ئەوەی پێوەندی بە تایبەتی کورتبڕییەوە هەیە لە زمانی ئێزگەییدا، مەبەست لێی بەکارهێنانی ڕستەی کورتە تاکو گوێگر بتوانێ مەبەست و ماناکان بە ئاسانی وەربگرێ، لەم چوارچێوەیەدا ئەوە پێویست دەکات کە لە دووبارە کردنەوە و ڕستەی درێژ و فرەواتایی دووربکەوینەوە .

هەروەها توێژەرانی تر ئەم تایبەتییە بە خەسڵەتی تر لە خەسڵەتەکانی زمانی ئێزگەیی بە تایبەتی تەلەڤزیۆن دەبەستنەوە، کە تایبەتی (کورتبڕی زانیارییە) کە لە دیارترین تایبەتییەکانی زمانی تەلەڤزیۆنە و بە خەسڵەتی واتایی ناسراوە، چونکە شارەزایی پێوەندی واتایی نێوان واژەکان یارمەتی نووسەر دەدەن، کە بابەتە پەخشکراوەکەی ڕوون و ئاشکرا بێت. هەروەها ئەم خەسڵەتە پێوەندی بە کورتبڕی و ڕێکخستنەوە هەیە، بەبێ تێگەیشتنی پێوەندی واتایی واژەکان، بابەتە پەخشکراوەکان دووچاری شێوانی واتایی دەبن و گوێگر یان بینەر ناچاردەکەن بەدوای ئەو واتایانەدا بگەڕێت .

ئەوەیشی پێوەندی بە تایبەتی ڕوونی و ئاشکراییەوە هەیە لە زمانی ئێزگەییدا، بریتییە لە چۆنیەتی بەکارهێنانی وشە و ڕستە و دەستەواژەکانە، هەروەها چۆنیەتی دربڕین و گۆکردنیانە.(خليل و هيبه،1999،ل82-84).

### گرنگترین مەرجەکانی نووسەری ئێزگەیی :

سەرکەوتنی نووسەری ئێزگەیی لە هەر پسپۆڕییەك یان هەر بوارێك بێت، پەیوەستە بە هەبوونی چەند مەرجێك، کە بریتین لە :

1- بەهرەی خودی، یان ئامادەگی کەسی : نووسەری ئێزگەیی وەکو هەموو ئەو کەسانەی کە لە بوارێکی داهێنانی هونەریدا کاردەکەن، پێویستە تا ڕادەیێك ئامادەگی خۆرسکی یان خودی بۆ ئەو کارە تێدابێت، کە هەندێکجار پێی دەوترێت (بەهرە)، بەهرەش بریتییە لەو توانستە یان کۆمەڵە توانستە خۆرسکە تایبەتەی یان کارامەییە خۆرسکە تایبەتەی، کە لە کەسێکدا هەیە، مەرج نییە لە هەموو کەسێکدا هەبێت.( شلبی،1987، ل47) .

نووسینیش ئەگەرچی پێویستی بە بەهرەیەکی ڕەسەن هەیە، بەڵام لەپاڵ ئەمەشدا پێویستی بە شارەزایی و چۆنیەتی بەکارهێنانی ئەم بەهرەیە هەیە، ئەم بەهرەیەش لە ڕێگای خوێندنەوە و بەدواداچوون و وێڕای پسپۆڕییەتی لە خوێندندا پەیدا دەبێت.(الشریف و ندا،2004 ل58 ).

2- تێگەیشتن لە سروشتی هۆکار و تایبەتییەکانی : وشەی نووسراو کاتێ کە لە ڕێگای دەربڕینەوە بەهۆی ئامێری بیستراوەوە پێشکەشدەکرێت ، دەگۆڕێت بۆ شێوەی دەنگی، هەروەها دەگۆڕێت بۆ شێوەی وێنەیی و دەنگی، کە بەهۆی ئامێری بیستراوبینراو(تەلەڤزیۆن) ەوە، پێشکەشدەکرێت . ئەمە مانای ئەوەیە کە ئامێر و ئامراز هەن بە لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئێزگەییدا بە ڕەگەزی سەرەکی دادەنرێن ، بۆیە پێویستە نووسەری ئێزگەیی ئاگاداری سروشت و تایبەتی ئەم هۆکارانە بێت، تاکو بزانێت ئەم هۆکارانە بۆ شێواز و ڕێگاکانی نووسین چی بەسەر نووسەردا دەسەپێنن.(شلبی،1987، ل59)

3- تێگەیشتن لە سروشت و تایبەتی ئەو جەماوەرەی نووسینەکەی ئاراستە دەکرێت : بە مەبەستی بەدەستهێنانی کاریگەری بەسەر جەماوەردا پێویستە نووسەری ئێزگەیی زۆر بەوردی ئەو جەماوەرە دەستنیشان بکات و تێی بگات کە دەیەوێ پەیامەکەی ئاراستە بکات و بزانێت ئەو کەسانە کێن کە گوێ لە ڕادیۆ دەگرن یان ئەوانەی بەرانبەر تەلەڤزیۆن دادەنیشن، کە ڕۆژانە بڕێکی زۆر پەیامی جۆراوجۆر و زانیاری و بابەتگەلی جیاجیایان ئاراستە دەکرێت، هەروەها چۆن لە ڕووی ئاوەز و هزر و کۆمەڵایەتی و سۆزداری و دەروونییەوە وەریدەگرن؟.

گرینگترین شت کە پێویستە نووسەری ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن بیزانێت، ئەوەیە کە ئەم دوو هۆکارە ئاراستەی جەماوەرێکی فراوان دەکرێت، کە لەڕووی تەمەن و ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و بۆچوون و سایکۆلۆجی جیاوازن.( الشریف و ندا،2004، ل46)

4- ئەو ڕۆشنبیرییەی کە پێوەندی بە کاری ئێزگەییەوە هەیە : واتا پێویستە نووسەری ئێزگەیی کۆمەڵێك زانیاری بناغەیی هەن، کە پێوەندیدارن بە کاری ئێزگەییەوە، هەیبێت، وەکو : دراما و مۆسیقا و چێژی ئەدەبی و قوتابخانە و تیۆرە ئەدەبی و هونەرییە جیاجیاکان، وێڕای ئەو پسپۆڕییە تایبەتەی کە نووسەر بۆ کارکردن تیایدا هەڵیبژاردووە .(شلبی،1987، ل48)

5- ڕۆشنبیری گشتی : مەبەست لێی کۆمەڵێك زانیاری و شارەزایی جیاجیایە کە مێژوو و سیاسەت و ئابووری و کۆمەڵناسی و.....هتد دەگرێتەوە. (هەمان سەرچاوە ل49)

6- ئاگاداربوون لە دەوروبەر و ژینگە : واتا پێویستە نووسەر بەشێك بێت لەو دەوروبەر و ژینگەیەی کە تێیدا دەژیت، هەست بە گیروگرفت و کێشەکان و ئەو بابەتانەی کە جێگای باس و سەرنجی خەڵکە بکات، کە ئەم جۆرە ئاگاداربوونە و چوونە ناو کۆمەڵگایە بیرۆکە و بابەتگەلی بێ سنوور دەبەخشێتە نووسەر، هەروەها یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئەوەی بتوانێت گوزارشت لە بیروبۆچوون و ئاراستەی ئەو کەسانە بکات کە گوێگر یان بینەری بەرنامەکانین .( الشریف و ندا،2004، ل60 )

7- توانست و نەرمی لە ڕووبەڕوو بوونەوەی پێشهاتەکان : ئەم کارە بەرهەمهێنانی ئێزگەیی دەیسەپێنێ، کە ملکەچی پێشهات و بارودۆخی هەمەجۆر لە زۆربەی لایەنەکان دەبێتەوە، بۆ نموونە : ڕێگە نەدان بە وێنەگرتن یان چەند گرتەیەکی دیاریکراو لە شوێنێکی دیاریکراودا لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە، یان ئامادەنەبوونی یەکێك لە میوانەکانی بەرنامە.....هتد، ئەمانە و گەلێك پێشهاتی تر، کە پێویست دەکات نووسەر بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەیان نەرم و نیان و بەتوانا بێت .( شلبی،1987، ل49)

## 5. ئەنجامەکان

1- نووسین دەستکەوتێکی مەزنی ئادەمیزادە، هەوڵێکی گرینگی مرۆڤە بۆ تۆمارکردنی قسە، بە مەبەستی پاراستنی میراتی خۆی لە فەوتان .

2- بەرزەفت و کۆنترۆڵکردنی لایەنی زمانی و ڕێزمان لە پرۆسەی نووسیندا کارێکی پێویستە، کە دەبێت نووسەر زۆر بەچاکی و وردی ئاگاداری هەموو وردەکارییەکانی ئەو زمانە بێت لە بوارەکانی ڕێزمان و لایەنە پێوەندیدارەکانیش بگرێتەوە .

3- نووسین بنەمای پرۆسەی ڕاگەیاندنە، دەچێتە ناو هەموو ژانر و ڕەگەز و

ئامراز و هۆكارەكانی ڕاگەیاندنەوە .

4- هەموو جۆرەكانی نووسین لە چوارچێوەی كاری ڕاگەیاندندا لە ژێر ڕۆشنایی یەك شێوازی زمانیدا كاردەكەن، كە ئەویش زمانی ڕاگەیاندنە .

5- نووسین لە چوارچێوەی پڕۆسەی ڕاگەیاندندا كارێكی ئامانجدارە، بۆیە بۆ گەیشتن بە ئامانجەكان، نووسەر پێویستی بە نووسینێكی كاریگەرە، كاریگەریش لە ڕێگای كاری هزری و پلاندانانەوە دەستەبەر دەبێت .

6- نووسین لە پڕۆسەی ڕاگەیاندندا، لە یەك كاتدا داڕشتنەوەی زمانەوانیی و داڕشتنەوەی ڕۆژنامەنووسییە.

7- سەركەوتنی نووسەری میدیایی، پەیوەستە بە مەرجی بەهرەی خودی و تێگەیشتن لە سروشت و تایبەتییەكانی هۆكار، هەروەها سروشت و تایبەتی ئەو جەماوەرەی نووسینەكەی ئاراستە دەكرێت ، جگە لەمانەیش، ئاستی ڕۆشنبیریی گشتیی نووسەر و ئاگاداربوونی لە دەوروبەر، ژینگە، توانست و نەرمی لە ڕووبەڕوو بوونەوەی پێشهاتەكان .

الملخص

فی بحپنا الموسوم ( أبعاد مهارات الكتابه و التحرير فی عمليه الإعلام) تگرقنا بإيجاز الى تأريخ ڤهور الكتابه ومراحل تگورها ، كما أشرنا باختصار الى الكتابه مفهوما وتصنيفا وتعريفا. پم عرفنا مفهوم المهاره وركزنا على مهارات الكتابه ، أنواعها و أهميتها فأهدافها.

كما ناقشنا مفهوم وتعريف ( الأنموژج ـ الموديل ) فی الكتابه عموما پم ركزنا على الكتابه فی مجال الإعلام، خصائها ، وعوامل الكتابه المؤپره . وتفرعنا فی البحپ فی خصائص وأسس وأهداف كل من الكتابه للصحف والإژاعه والتلفزيون، پم خصصنا عنوانا كاملًا لأهميه وشروگ الكتابه الإژاعيه وقوالبها، فأڤهرنا العديد من جوانبها الخفيه .

ان الكتابه والإعلام يعدان افقين متزامنين لفچاو واحد. فالإنسان يصنع علاقاته الإجتماعيه من خلال اللغه ، وهژين الأفقين يلتقيان فی اللغه ومن خلالها اصبحتا مصدرا للإبداع والتگور فی كافه مجالات الحياه الإجتماعيه و الپقافيه والدينيه.

## 6. سەرچاوەكان

به زمانی كوردی :

ئیبراهیم، عەبدوالخالق و رەحمان، ئەرسەلان، بنەماكانی نووسین لە رۆژنامەگەریدا، چاپخانەی رۆژهەڵات، 2015ز، هەولێر .

زەهاوی، محەمەد حسێن عەلی، مێژووی نووسینی كوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، نامەی دكتۆرا، كۆلیژی ئیبن روشد، زانكۆی بەغدا، 2006ز .

زوبیان، سامی، رۆژنامەنووسیی رۆژانە و راگەیاندن، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە، مەم بوڕهان قانع، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، 2008ز، سلێمانی .

فتاح، محمد معروف، زمانەوانی، چاپخانەی حاجی هاشم، 2011ز، هەولێر .

بەزمانی عەرەبی :

أبوزيد، فاروق، فن الكتابه الصحفيه، عالم الكتب، القاهره، 1990م .

الشريف، سامی و ندا، أيمن منصور، اللغه الاعلاميه، المناهج و الاسس و التگبيقات، مگبعه مركز جامعه القاهره، 2004م .

الشميری، فهد بن عبدالرحمن، التربيه الاعلاميه، كيف نتعامل مع الاعلام، 2010م .

العبدلله، می، نڤريات الاتصال، دار النهچه العربيه للنشر والگباعه، 2006م، بيروت .

خليل، محمود، و هبه، محمد منصور، انتاج اللغه الاعلاميه فی النصوص الاعلاميه، مطبعه مركز جامعه القاهره، 1999م .

ربابعه، ابراهيم علی، مهاره الكتابه و نماژج تعليمها، 2015م، الاردن .

شرف، عبدالعزيز، اللغه الاعلاميه، دار الجيل، 1991م، بيروت .

شلبی، كرم، فن الكتابه للراديو و التلفزيون، دار الشروق للنشر و التوزيع و الگباعه، جده، 1987م .

عبدالحميد، محمد، نڤريات الاعلام و اتجاهات التأپير، عالم الكتب، 2004م، القاهره .

عبدالهادی، نبيل و اخرون، مهارات فی اللغه و التفكير، دار المسيره للنشر و التوزيع و الطباعه، 2003م، القاهره .

پێگە ئەلیكترۆنییەكان :

1- www.assawsana.com استراتيجيه الكتابه الابداعيه و التفكير الابداعی ، هيپم الشطی

2- www.alukah.net مهاره الكتابه و نماژج تعليمها ، ابراهيم ربابعه

3- www.dr-ghanim.com نشأه الكتابه و تأريخ تطورها ، غانم قدوری

4- http://dawnster.blogspot.com. مهاره الكتابه فی گريقه التعليم اللغه العربيه

5- fac.ksu.edu.sa/.الكتابه مفهومها، أهميتها، خصائصها

6- cpsfiles-jazanu.edu.sa/doc.المهارات اللغويه

7- http://kenana onlin.com.الكتابه و خصائصها و أهميتها و أنواعها و علاقتها بفنون الاخرى

8- http://mawdoo3.com.تعريف مهاره الكتابه

9- http://www.mozn-net.مقومات الكتابه

10- www.sinau-bahasaarab.com. مفهوم مهاره الكتابه

11- http://esmaat.3abber.com/post/231160نماژج الاتصال

12- https;//www.slideshare.net.الكتابه الوڤيفيه